# دەروونزانی پەروەردەیی

## علم النفس التربوي

## Educational Psychology

## کۆلیژی پەروەردە


**ئامادە کردنی**

**پ . ی . د. دیار جەباری**




diyar.sadeq@su.edu.krd

# پێناسەی دەروونزانی (علم النفس)

- بە شێوەی جیاجیا پێناسە کراوە...
- هەر کەس (پێناسەکەی )بەپێ ی فەلسەفەو بیروباوەڕەکەی...

وەك :

- ئەو زانستەیە کە توێژینەوەی ژیری (عقل)ی مرۆڤـ دەکات...
- هەندێك دەڵێن بریتییە لە لێکۆڵینەوەو زانینی دەروونی مرۆڤـ...
- گونجاوترین پێناسەی دەروونزانی ئەوەیە کە دەڵێت:

توێژینەوەی زانستی رەفتاری مرۆڤــە بۆ گونجان لەتەك ژینگە

...................................

کەواتە ...ڕەفتار – ڕەوشت – هەڵسوکەوت ..چی یە ؟


diyar.sadeq@su.edu.krd

# ڕەفتار – ڕەوشت – هەڵسوکەوت

## هەموو چالاکی و پرۆسێك مرۆڤـ پێی هەڵدەستێت

## 3 لایەنی هەیە

### ژیری (عقلی)

وەك ...

هەست کردن،

یاد کردنەوە،

بیر کردنەوە،

لێك دانەوە،

پێش بینی کردن

### هەڵچوونی

وەك ...

توورەبوون،

خۆشەویستی،

ڕق و کینە،

دڵەڕاوکێ،

ترس،

حەزو ئارەزوو...

### جووڵەیی

وەك ...

نووسین،

ڕۆیشتن،

قسە کردن،

سواربوونی ماشێن،

چاپ کردن ،

راکردنو بازدان...



diyar.sadeq@su.edu.krd

# پێناسەی دەرونزانی پەروەردەیی

1- توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆڤە لە هەڵوێستە پەروەردەییە هەمە جۆرەکان .

- هەڵوێستە پەروەردەییەکان ئەو کارلێکانەن کە لە (پۆل، تاقیگە ،کتێبخانە) ڕودەدات ..

2- پەیوەندی و کارلێکە لە نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی پرۆسەی پەروەردەیی...وەك ( مامۆستا – فیرخواز- پرۆگرام .....هتد ) .

3- زانستێکە تیۆر و ئەنجامەکانی توێژینەوە دەروونییەکان لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەکار دەهێنێت .

# جیاوازی دەرونزانی و دەرونزانی پەروەردەیی

## دەرونزانی

توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ

## دەرونزانی پەروەردەیی

توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆڤ لە هەڵوێستە پەروەردەییەکان..

- ڕەفتاری مرۆڤ لەناو پرۆسەی فێربون و فێرکردن .


diyar.sadeq@su.edu.krd

# بابەت و بوارەکانی دەروونزانی پەروەردەیی

- پرۆسەی گەشەی مرۆڤ .
- فێربوون و فێرکردن
- ئامانجە پەروەردەیی یەکان .
- پاڵنەر ( پێداویستی ) و پێگەیشتن و ڕاهێنان .
- فیدباك .
- گواستنەوەی کاریگەری ڕاهێنان .
- جیاوازی تاکایەتی .
- پرۆسە عەقڵی یەکان .
- یادگە ( میمۆری ) ی مرۆڤ .
- بیرهاتنەوە و لەبیرچوونەوە .
- پێوانە و هەڵسەنگاندن .


diyar.sadeq@su.edu.krd

# ئامانجە تایبەتی یەکانی دەرونزانی

## کۆنترۆلکردن
## (الضبط)
**Control**

دووبارە کردنەوە -یان - نەکردنەوەی ڕەفتار

## پێشبینیکردن
## (التنبؤ)
**Prediction**

کەی ، چی ؟

## تێگەیشتن
## (الفهم)
**Understanding**

چۆن، بۆچی



diyar.sadeq@su.edu.krd

# یەكەم : تێگەیشتن

- وەڵامدانەوەی هەردوو پرسیاری (چۆن، كیف؟) ...و (بۆچی، لماذا؟) ئەو رەفتارو هەڵسوكەوتە دەبێت؟
- لێكدانەوەی دیاردە دەروونییەكانو چۆنێتی كار و رووداونیان..
- بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە و بۆ كۆ كردنەوەی زانیاری دەربارەی دیاردە دەروونییەكان ...پەنا دەبەین بۆ ئامرازەكانی پێوانەی وەك :

چاوپێكەوتن .....تێبینی ... راپرسی ...


diyar.sadeq@su.edu.krd

ئامانجەکانی دەروونزانی

## دووەم : پێشبینی کردن (التنبؤ) (Predicting):

- توانای تاك لە پێشبینی کردنی رووداوو گۆڕانکاریەکانی داهاتوو.
- ئەم توانایە ...زۆربەی کات یونیکە ..( منفرد ) ...
- پێویستی بە زانیاری‌و شارەزایی رابردووی سەیڤ کراوی ناو کۆئەندامی یادکردنەوە هەیە..
- بۆ ئەوەی لە رێگەی بەیەکەوە بەستنەوەی رابردوو و ئێستا، پێشبینی داهاتوو بکرێت


diyar.sadeq@su.edu.krd

## سێیەم : كۆنترۆڵ كردن (الضبط) (Control):

**دووبارە كردنەوە و دووبارە نەكردنەوەی رەفتار**

- دەست نیشانكردنی بارەودۆخ ← <u>چۆنیەتی روودانی</u>

رەفتارەكان ↙ ↘ دیاریدەكان

مرۆڤـ ← سندوقی رەشە

**كارتێكەرەكان ............رەوشتی یەكان ( ئیسفەنج و شلە ) ! ! !**


diyar.sadeq@su.edu.krd

# ئامانجەکانی دەروونزانی پەروەردەیی

1- (لایەنی تیۆری ) : بەرهەمهێنانی مەعریفەی تایبەت بە پرۆسەی فێربوون و پەروەردە و تایبەتمەندییەکانی قوتابی و ڕێکخستنەوەی بەشێوەیەکی مەنهەجی کە ببێتە هۆی دروستکردنی تیۆر و بنەما و زانیاری پەیوەندیدار بە قوتابی و فێربوونەوە ...

2- (لایەنی پراکتیکی ) : دارشتنەوەی ئەم مەعریفەیە تا مامۆستایان بتوانن بەکاری بهێنن و سوودی لێ ببینن لەژیانی پەروەردەیی خۆیان.


diyar.sadeq@su.edu.krd

# پەیوەندی دەرونزانی پەروەردەیی بەلقەکانی دەرونزانی

- دەرونزانی پەروەردەیی : لقێکی پراکتیکی یە...
- دانەبڕاوە لە لقەکانی تری دەروونزانی...

1-دەروونزانی گەشە(علم النفس النمو) :

- د. گەشە، گرنگی دەدات بەدیراسەکردنی ئەوگۆڕانکاریانەی لە ڕەفتاری مرۆڤ ڕودەدەن لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانیدا.
- ئەم لقە گرنگی زیاتر دەدات بە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و هەرزەکاران، کە گرنگترین توێژە لەپرۆسەی پەروەردەییدا..
- (منداڵ و هەرزەکاران ) خاڵی هاوبەش ..دەرونزانی پەروەردەییە.


diyar.sadeq@su.edu.krd

## 2- دەروونزانی کۆمەڵایەتی (علم النفس الاجتماعي):

- د.کۆمەڵایەتی : ئەو زانستەیە کە گرنگی دەدات بە دیراسە کردنی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاك و گروپەکاندا..
- مامۆستا لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن و مامەڵە دەکات لەگەڵ فێرخوازەکانی ..چ وەك تاك و وەکو گروپیش...

- خاڵی هاوبەش :

زانینی بنەماکانی ڕەفتاری بەکۆمەڵ ... کاریگەری لەسەرهەڵوێستی گروپەکان ( فێرخوازان ) وکاریگەری لەسەر قورسی و ئاسانی یان سەرکەوتن و پەکخستنی پرۆسەی پەروەردەیی هەیە. ...


diyar.sadeq@su.edu.krd

## 3- دەروونزانی گشتی (علم النفس العام ):

- دەرووزنزانی پەروەردەیی لە شێوازی لێکۆڵینەوەدا ... بە دەروونزانی گشتی دەچێت، هەروەها لە ئامانجەکانیشیدا کە بریتییە لە تێگەیشتن و پێشبینیکردن و کۆنترل کردن بە دەروونزانی گشتی دەچێت .

## 4-دەروونزانی چارەسەری (علم النفس العلاجي)

- دەروونزانی پەروەردەیی روون کردنەوەی ئاڵۆزی کێشەکانی فێرخواز ...بۆ زیاتر نزيك بوونەوە لە چارەسەری کێشەکان فێرخواز ...
- خاڵی هاوبەش ...دەروونزانی و چارەسەر ....بە واتای چارەسەری دەروونی ....
- پەیوەندی دەرونزانی پەروەردەیی بەلقەکانی دەرونزانی تر

- خێزانی - ئاینی - سیاسی – ئیکۆنۆمی – تەکنەلۆژی – مەعریفی - پۆزەتیف- هونەری - ئاشتی ...........هتد ...


diyar.sadeq@su.edu.krd